هەڵوەشێنەوەکـان ـی ئیسلام

داهێنـراوی محمدی کوڕی عبدالوهاب ـە ؟؟!

(وەڵامــێ بۆ ماکوان کـەریم ـی نەزان کەدەڵێـت هەڵوەشێنەوەکـان ـی ئیسلام داهێنـراوی محمدی کوڕی عبدالوهاب ـە نە لە قورئان باسکراوە نە لەلای سـەلەف !)

نووسینی :

مامۆستا ئوسامە تەوحیدی (شارەزووری)

حفظه الله

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

پشت بە اللّه لەوەڵام ـی ئەم نەفامە ئەڵێین شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب دەفەرموێت (هەڵوەشێنەرەوەکان ـی ئیسلام زۆرن دیارترینیان دە خاڵە) :

① هەڵوەشێنەوەی یەکەم

شەریــکدانان بۆ اللّه تعالی لەعیبادەت ـدا

جا بابزانین ئایا ئەم هەڵوەشێنەوەیەی ئیســلام لەقورئان وسونەت باسکراوە یان بیدعەی محمدی کوڕی عبدالوهاب ـە ؟

اللّه تعالی لەقورئان ـدا بەپێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت :

﴿ وَلَقَدۡ أُوحِيَ إِلَيۡكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكَ لَئِنۡ أَشۡرَكۡتَ لَيَحۡبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ﴾ [الزُّمَر : ٦٥]

واتا : بێگومـان وەحی کراوە بـۆ تۆو بـۆ ئـەو پەیامبەرانەی پێـش تۆبوون کـە ئەگەر هاوبـەش دانێی بۆ اللّه تعالی ئەوە بێگومان هەموو کردەوەکانت پووچەڵ دەبێ و لە زیانمەندانیش دەبیت .

اللّه تعال ـی کردەوەی هەرکەس هەڵوەشێنێتەوە واتا ئەوکەسـە کـافرە

﴿ وَمَن يَرۡتَدِدۡ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَيَمُتۡ وَهُوَ كَافِرٞ فَأُوْلَٰٓئِكَ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴾ [البَقَرَة : ٢١٧]

واتا : جا هـەرکەسێکتان لەئایینی خـۆی پاشگەز بێتـەوە بەو حاڵەتەوە لەسـەر بـێ باوەڕی بمرێ ئەوانە کە بەکافری دەمرن کاروکردەو چاکەکانیان هەڵئەوەشێتەوە دەڕوا، دەشبنە هاوەڵ و هاوڕێی دۆزەخ و بەهەتاهەتایش لەوێ دەمێننەوە .

کەواتـا هەڵوەشێنەوە وتەکفیرکردن بەشـیرک پەیام ـی قورئانە نەک بیدعەی شێخ محمد ـی کوڕی عبدالوهاب

② هەڵوەشێنەوەی دووەم

دانانی کەسێک لەنێوان خۆت واللّە تعالی داوای لێ بکەیت وپشت ـی پێ ببەستیت هەرکەس ئەمە بـکات کافرە بەئیجماع

ماکوان دەڵێت لەقورئان ـدا شتی وا باس نەکراوە

بەڵام اللّە تعالی دەفەرموێت :

﴿ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَحۡكُمُ بَيۡنَهُمۡ فِي مَا هُمۡ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَنۡ هُوَ كَٰذِبٞ كَفَّارٞ ﴾ [الزُّمَر : ٣]

واتا : دەڵێن ئەوانەی کە لە جیات ـی اللّە شتانێکی تریان کردووە بـەگەورەی خۆیان خۆ ئێمە ئەمانە ناپەرستیـن بەڵکـو ئەمانـەوێ بەهۆی ئـەم پیاو باشانە لە اللّە نزیـک بینەوە جا با واش بڵێن بێگومان اللّە هەق و ناهەق جیا دەکاتەوەو لەو ناکۆکیەکەی لەسەرین وە اللّە تعالی ڕێـنمای کەسانێکی درۆزن وکـــــــافـــــــر ناکات .

اللّٰه تەکــــــفیریان دەکات چونکە لە بتەکان دەپاڕانەوە تا لە اللّٰه نزیک ببنەوە ئایا ئەوەی شێخ فەرمووی بـیدعە بوو ؟ یان فەرمان ـی اللّٰه تعالـی بوو ؟

③ هەڵوەشێنەوەی سێهەم

هەرکەسـێ کافران بەکافر نەزانێت یان گومانی هەبێت لە کوفریان یان ڕێگەکەیان بەڕاست بزانێت کـافرە

ئایا ئەمە بیدعەی شێخە ؟ یان فەرمانی شەرع و مەنهەج ـی سەلەفە ؟

اللّٰه لەقورئان فەرمان دەکات تەکفیری کـافران بکەین ﴿ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ﴾ پێیان بـڵـێ ئەی کـافرەکان

کەواتـا ئەگەر تۆ دژی فەرمانی اللّٰه بوەستیتەوە بـەکافر بڵێی ئەی موسڵمان ئەوا تۆ ڕەددی قورئـانـت داوەتـەوە و ڕەدی قسەی اللّٰه ـت کردۆتـەوە خۆت دەبیت بــە کافر

ئەوەش وتەی زانایان کەماکوان ئەڵێت ئایا سەلەف باسی ئەم کوفرانەیان کردوە !

ئیمام ـی احمد دەفەرموێت (وما في اللوح المحفوظ وما في المصحف وتلاوة الناس وكيفما وُصف ، فهو كلام اللّٰه غير مخلوق ، فمن قال مخلوق ، فهو كافر باللّٰه العظيم ، ومن لم يكفره فهو كافر) العقيدة للإمام أحمد بن حنبل برواية مسدد بن مسرهد المطبوع برواية الخلال ص 60.

ئەوەی لە لوح المحفوظ ـدایە وئەوەشی لە مصحف ـدایە وئەوەشی خەڵک ئەیخوێنتەوە (لەقورئان) ئەوە وتەی اللّٰه تعال ـی یە و مەخلوق نیە ئەوەی بڵێت مەخلوقــە کـــــافرە بەاللّٰه تعالی ئەوەشـی ئەوکەسە بەکافر نەزانێت ئەویش کـافرە

فەرموو ماکوان ـی جاهیل ئەوەش وتەی ئیمام احمد کەدەڵیی ئایا ئیمام احمد شتی وای وتوە بەڵێ زۆر لەمە زیاتریش بەڵام بۆ درێژنەبونەوە تەنها ئەوە بەس بۆ دەمکوت کردنی خۆت و هاوشێوەکانت .

④ هەڵوەشێنەوەی چوارەم

هەرکەسـێ بڕوای وابێت جگە لەڕێبازی اللّه ڕێبازێکی تر هەیە باشتر وچاکترە وەک ئەوانەی فەزڵی مەنهەجە طاغوتیەکان دەدەن بەسەر مەنهەجی پێغەمبەر صـلی اللّه علیه وسـلم

ئەمەش هەموو قورئان وسونەت وهەموو ئومەت کۆڕان لەسەر ئەم کوفرە

چونکـە اللّه تعالی لەقورئان ـدا دەفەرموێت ﴿ أَفَحُكۡمَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ يَبۡغُونَۚ وَمَنۡ أَحۡسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكۡمٗا لِّقَوۡمٖ يُوقِنُونَ ۝٥٠ ﴾ [المَائـِدَة : ٥٠]

واتا ئایا یـاسای نەفامیان ئەوێ جاکێ هەیە یاساکەی لەیاسای اللّه باشتر وچاکتربێت بۆ گەلێ کەخاوەن یەقین بن

کەواتـا یاسای اللّه چاکترینە ، وە پێغەمبەر ﷺ ئەیفەرموو

(وان افضل الهدى هدى محمد صلى اللّه عليه وسلم)

أخرجه النسائي في ((المجتبى)) (3/ 188)، وأحمد (3/ 310)

باشترین وچاکترین ڕێباز ڕێباز وهیدایەتی محمدە ﷺ

جاکەسێ بڵێت نەخێر ڕێبازێکی دیکە چاکترە کەواتـا قسەی اللّه وپێغەمبەر ﷺ ـی بەدرۆخستۆتەوە و ڕەدی ئـەو قسەیـەی اللّه وپێغەمبەری کردۆتەوە جا هـەر کەسێکیش یەک ئایەت یان یـەک فەرموودەی سەحیح ڕەدبکاتەوە کـافرە بەئیجماع ـی سەلەف

ئیمام إسحاق بن راهویە رحمە اللّه ـدەفەرموێت

وقد أجمع العلماء أن من .. دفع شيئًا أنزله اللّه ..وهو مع ذلك مقر بما أنزل اللّه أنه كافر

همموو زانایان یەکدەنگن کەهەرکەسێک .. ڕەدی شتێ بکاتەوە لەوەی اللّه دایبەزاندوە .. لەگەڵ ئەوەشدا دان بنێت بەوەی اللّه دایبەزاندوە بەڵام ڕەدی بکاتەوە ئەوا کـافرە (واتە بڵێت دەزانم لەقورئان وسونەت وتراوە ئیسلام باشترین یاسایە بـەڵام مـن پێم وایـە دیمووکراسی باشـترە ئـەمە ڕەدی ئـەو ئایـەت وفەرموودانەی کردۆتەوە کەباس لەوەدەکات ئیسلام باشترینە بۆیە بەم ڕەدکردنەوەیە کـافرە بەئیجماع) .

[التمهيد لابن عبد البر 226/4]

⑤ هەڵوەشێنەوەی پێنجەم

هەرکەس حەزی بەشـتێ نەبێت کە پێغەمبەر صلی اللە علیه وسلم پێی هاتووە ئەوا کـافرە ئەگەر کار بەو شتەش بکـات

ئەمەش بیدعەی شێخ محمد نیە بەڵکـو وتەی اللّه تعالی ـیە کەدەفەرموێت

﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَرِهُوا۟ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَٰلَهُمْ ﴾ [مُحَمَّد : ٩]

واتا ئەوان بەهۆی ئەوەی حەزیان نەبوو لەدابەزێنراوەکەی اللّه نەکرد اللّه تعالی کردەوەکانیانی پوچەڵ کـردەوە .

ئیمام ـی طەبەری یەکێکە لەڕاڤەکارانی قورئان و لەسەلەفە ـدەفەرموێت

(وهذا حكم الله جلّ جلاله في جميع من كفر به)

(ئەمە حوکم ـی اللّه تعالی یە بۆهەموو ئەوانەی کوفر بە اللّه دەکەن)

اللّه تعالی ئەوکەسانە بەبێ ئیمان ناودەبات کە پێغەمبەر ﷺ ناکەن بەدادوەر و ملکەچ ـی حوکمەکەی نابن و ڕازی نابن بەحوکمەکەی

ـدەفەرموێت ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا۟ تَسْلِيمًا ﴾ [النِّسَاء : ٦٥]

واتا نەخێر سوێند بە پەروەردگارت ئیمانیان نیە تاتۆ نەکەن بە دادوەر بۆچارەسەری کێشەکانیان وپاشان لەدڵیاندا ناڕازی بون بەحوکمەکەت دروست نەبێت و بەتەواوی ملکەچ ـی حوکمەکەت دەبن .

کەواتـا ئەمە بیدعەی شێخ محمد نیە کەسـێ ڕازی نەبێت بەحوکمێکی اللّە کـافرە

ئیمام ابنُ تَیمیَّةَ: ـدەفەرمویێت

(مِن النِّفاقِ ما هو أكبَرُ، ويكونُ صاحِبُه في الدَّركِ الأسفَلِ مِن النَّارِ؛ كنِفاقِ عبدِ اللّهِ بنِ أُبَيٍّ وغيرِه؛ بأن يُظهِرَ تكذيبَ الرَّسولِ، أو جُحودَ بَعْضِ ما جاء به أو بُغْضَه)

لەنیفاق ـی گەورە کەخاوەنەکەی دەخاتە ژێرەوەی دۆزەخ وەک نیفاقەکەی عبداللّە ـی کوڕی ابی وهاوشێوەکانی نمونەی دەرخستنی بڕوانەهێنان بەپێغەمبەر صلی اللّە علیەوسلم یان نکوڵـی کردن لەهەنـێ لەوەی پێغەمبەر ﷺ پێـی هاتوە یـان ڕق بـون لێی وحەز لـێ نەکردنی

<u>ئایا ئەمە داهێنراوی شـێخ محمد بوو ؟</u>

⑥ هەڵوەشێنەوەی شەشەم

گاڵتە کردن بەشتێ لەدینەکەی پێغەمبەرصلی اللّە علیە وسلم

ئەمە داهێنراوی شێخ محمد نیە ئەمە وتەی اللّە و ڕسولەکەیەتـی ﷺ

قال تعالی ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ ۚ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ ﴿٦٥﴾ لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ ﴾ [التَّوْبَة : ٦٥ - ٦٦]

واتا ئەگەر پرسیاریان لـێ بکەیت ئەڵێن ئێمـە تەنها گاڵتە وگەپمان کردووە پێیان بڵێ ئـایا ئێوە بەئایەتەکانی اللّە و پێغەمبەرەکەی ﷺ گاڵتە دەکەن بـــیانوو مەهێنەوە ئێوە کافربــوون لەپاش ئەوەی باوەڕتان هێنابوو .

زانایانی تەفسیر لە تەفسیری ئەم ئایەتە دەیگێڕنەوە

لە ابن عمر، ومحمد بن كعب، وزيد بن أسلم، وقتادة کەپیـاوێک لەغەزوەی تبوک ـدا وتی

((ما رَأينا مثل قرّائنا هؤلاء أرغب بطونا، ولا أكذب ألسنا، ولا أجبن عند اللقاء))

هاوشێوەی ئەم قورئان خوێنانەمان نەبینیوە ورگ زل بێت و دەم بەدرۆبێت و ترسنۆک بێت لەکاتی ڕووبەڕوبونەوەدا.

تەنهـا ئەوەندەیان وت خەبـەر لەئاسمانـەوە دابەزیە سەر پێغەمبەر ﷺ لەبارەی قسەی ئەم کۆمەڵە کەسـە کەتەکفیریانی کرد وپێیانی فەرموو عوزر مەهێننەوە ئێوە کافربوون لەپاش ئیمان هێنانتان

ئیمام القاضي عياض المالكي : رحمـەاللە ـدەفەرموێت

« اعلم وفقنا الله وإياك أن جميع من سبّ النبي صلى الله عليه وسلم، أو عابه، أو ألحق به نقصاً في نفسه، أو نسبه، أو دينه، أو خصلة من خصاله، أو عرّض به، أو شبّهه بشيء على طريق السبّ له، أو الازدراء عليه، أو التصغير لشأنه، والعيب له فهو سابّ له، وقد ذكر غير واحد الإجماع على قتله وتكفيره »

چاکبـزانە اللە ئێمە وتۆش مۆفق بکات هەرکەسێ جوێن بەپێغەمبەر ﷺ بات یان عەیبداری بکات یان کەم و کوڕیەک باتە پاڵیـەوە یان کەم وکوریەک بدات بەپاڵ نەسەبیەوە یان بیاتە پاڵ دینەکەی یان سیفەتێ لەسیفەتەکانی یان ڕەخنەی لێ بگـرێ یان شتـێ بشوبهێنێت پێی لەسـەر شێوەی جوێندان پێی یان کەم کردنـەوە لەڕێز وپلەوپایەی ئەوا ئەوکەسە جوێنی پێداوە هەربۆیە زیاد لەزانایەک ئیجماعی نەقڵ کردوە لەسەر تەکفیرکردن وکوشتنی ئەوکەسە . (کتاب الشفاء ج 2 ص 932)

شيخ الإسلام أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام بن تيمية الحرَّاني الحنبلي رحمـه الله ـ دەفەرموێت

وفي قولهم: ﴿ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ ﴾ ما يدل على أنهم اعترفوا واعتذروا ؛ ولهذا قيل لهم: ﴿ لَا تَعْتَذِرُواْ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَـٰنِكُمْ إِن نَّعْفُ عَن طَآئِفَةٍ مِّنكُمْ نُعَذِّبْ طَآئِفَةًۢ ﴾، فدلّ على أنهم لم يكونوا عند أنفسهم قد أتَوا كفرا ، بل ظنوا أن ذلك ليس بكفر .

ئەوان کەوتیـان ئێمـە تەنها گاڵتە ویاریمـان کردووە بەڵگەیـە لەســەر دانپێدانان و عوزر هێنانەوە بۆخۆیان بۆیە اللە پێیانی فەرموو [[عوزر مەهێننەوە ئێوە کافربوون لەپاش ئیمان هێنانتان ئەگەر لە کۆمەڵێکتان خۆش بین بەهۆی خۆدورخستنەوەیان لێتان ئەوا کۆمەڵێکتان ئەبێت سزای خۆی وەرگرێ]] .

ئــــەمە بەڵگەیە

کەئەوان نەیانزانی ئەوقسانەیان کوفرە بەڵــکو وایان گومان برد ئەوقسانە کوفرنیــە .   (مجموع الفتاوى) (7 / 273)

ئــــیمام ابن حزم رحـمە اللە ـ دەفەرموێت

« صح بالنص أن كل من استهزأ بالله، أو بملك من الملائكة، أو بنبي من الأنبياء عليهم السلام، أو بآية من القرآن، أو بفريضة من فرائض الدين، فهي كلها آيات الله بعد بلوغ الحُجة إليه، فهو كافر »

بەدەقی شەرع چەسپاوە کە هەرکەسـێ گاڵتە بە اللّه بکات یان بەفریشتەیـەک لەفریشتەکـان یـان بەپێغەمبەرێ لەپێغەمبەرەکـان علیهم السلام یـان بەئایەتـێ لەقورئان یان بەفەرزێک لەفەرزکراوەکانی دیـن ئەمانە هەمووی ئایەتـی اللّه ـن هەرکەسێ گاڵتەی پێ بکات دوای ئەوە حوجەی پێگەیشـتوە ئەوا کـافرە .

ئیمام فەرمووی حوجەی پێگەشتبێت واتا قورئان وسونەتی پێگەشتبێت ئەوکەسە نەیفەرموو لەدوای ڕونکردنەوە وتێگەیاندن بەڵکو فەرمووی لەپاش گەیشـتنی پێی

(كتاب الفصل ج 3 ص 299)

ئایـا ئابڕووچونی لەمە زیاتر هەیە بۆ ماکوان کەریم ؟؟

7 هەڵوەشێنەوەی حەوتەم سیحرکردن

ئەمەش بیدعەی شـێخ محمد نیە بـەڵکو وتەی اللّه تعالی ـیە

کە دەفەرموێت

﴿ وَمَآ أُنزِلَ عَلَى ٱلْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَـٰرُوتَ وَمَـٰرُوتَ ۚ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ ﴾ [البَقَرَة : ١٠٢]

هەروەها کەوتنە شوێنی ئـەو زانیاریی و زانستیـەی هاتبوویـە سەر ئەو دوو فریشتەیــە «هاروت و ماروت» لە «بابل»ی عێراقـدا. لەو سەردەمـەدا خەڵک زۆر سەرقاڵبوون بە جادوو و فڕوفێڵ لەگەڵ یەکتردا، جا لەوکاتەدا اللّه تعالی ئەودوو فریشتەی نارد تا جادوویان بۆ ڕوون بکەنەوەو خەڵکی تێبگاو بەهەڵە نەچن و بزانن کە جادوو لەگەڵ موعجیزەی پەیامبەرێتیدا دووشتی لێکجیاوازن، وە لەهەمان

کاتیشدا ئەو دوو فریشتەیە بەخەڵکەکەیان دەوت: ئێمە تەنها مایەی تاقیکردنەوەین و هاتووین بۆ بەتاڵکردنەوەو هەڵوەشانەوەی سیحر، ڕەفتار بەسیحر مەکەن وە لەهەمان کاتدا هەر کەسێکیان فێری جادوو دەکرد لە سەرەتاوە پێیان دەگوت: ئەم کارەی ئێمە تەنها بۆ تاقیکردنەوەو فێربوونی جیاکردنەوەی (موعجیزە) و(سیحرە)و لەلایەن اللّه نێردراوین، کەوابوو ئاگادار بە! خۆت کافر مەکە

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((حَدُ السَاحِرِ ضَرْبَةٌ بالسَيْف)) سنن الترمذي الجامع الصحيح،

ســزای ساحیر بریتییە لە کوشتنی بە شمشێر .

الإمام أحمد رحمه اللّه فەرموویـەتی(صح عن ثلاثة من أصحاب النبي صلى اللّه عليه وسلم في قتل الساحر)

لە سێ هاوەڵی پێغەمبەرەوە ﷺ بەسەحیح ـی هاتوە لەبارەی کوشـتنی ساحیرەوە (تفسير ابن كثير 144/1).

ئیمام الحافظ ابن حجر - رحمه اللّه تعالى -دەفەرموێت

وعند مالك أن حكم الساحر حكم الزنديق، فلا تقبل توبته، ويُقتَل حدًا، إذا ثبت عليه ذلك، وبه قال أحمد.

لەلای ئیمام مالک ســزای ساحیر وەک کەسی زندیق وایە تەوبەی قبوڵ ناکرێت حەدەکەی وئەکوژرێت ئەگـەر لەسـەری چەسپا وەئەمـەش وتەی ئیمام احمدە

فتح الباري 236/10.

ابن قودامە دەفەرموێت (قال أصحابنا ويكفُر الساحر بتعلُّمه وفعله، سواء اعتقد تحريمه أو إباحته)

هاوەڵانمان دەفەرموون ساحیر کافر ئەبێت بەخۆفێرکردنی سیحر وکارکردن بەسـیحر جایەکسانە بەحەڵاڵی بزانێت یان بەحەرام

المغني 106/10.

<u>ئـایا ئەمە بیدعەی شـێخ محمد بوو ؟</u>

⑧ هەڵوەشێنەوەی هەشتەم ـی ئیسـلام

یارمەتیدانی موشریـکان بەسەر موسڵمانان

اللّه تعالی ـدەفەرموێت

﴿ لَّا يَتَّخِذِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلْكَـٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۖ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَلَيْسَ مِنَ ٱللَّهِ فِى شَىْءٍ ﴾ [آل عِمْرَان : ٢٨]

واتا نابێ بڕواداران جگە لە بڕواداران کەس بگرن بەدۆست و بەیارمەتیدەروو پشت و پەنای خۆیان هەرکەسێک لەفەرمانی اللّه دەرچێ و کافران بکاتە دۆستی خۆی ، ئەوە هیچ بەشێکی نیە لەئیمان بون بە اللّه ولەئیمان دابڕاوە.

الإمام ابن جرير –رحمه االلّه -: لەتەفسیری ئەو ئایــەتە ئەفەرموێت

[ومعنى ذلك: لا تتخذوا أيها المؤمنون، الكفار ظهرا وأنصارا توالونهم على دينهم، وتظاهرونهم على المسلمين من دون المؤمنين، وتدلوهم على عوراتهم ومن يفعل ذلك ﴿ فَلَيْسَ مِنَ ٱللَّهِ فِى شَىْءٍ ﴾، يعني بذلك: فقد برئ من االلّه وبرئ االلّه منه، بارتداده عن دينه ودخوله في الكفر] (تفسير الطبري: ٦ / ٣١٣ ،)

مانای ئەو ئایەتە ئەوەیـە ئەی باوەڕداران کافران مەکەن بەپشت وپەنای خۆتان بەوەی

① وەلائتان بۆیان هەبێت لەسەرئاینەکـەیان

② وەسەریان بخەن بەسەر موسڵمانان

③ وەیارمەتـی وڕێگەپیشاندەریان بن لەسەر عەیب وعاری موسڵمانان

جاهەرکـەسێ ئەوە بکات ئەوا بەری بوە لە اللّه وە اللّه ش لەوکەسە بەریء بووە بەهـۆی هەڵگەڕانەوەی لەدین و داخل بونـی بۆ کـوفر .

کەواتا ئیمام باسی سێ حاڵەتی کرد وبەهەڵگەڕانەوە ناوی برد

② ئیمام ـی السدی لەتەفسیری ئەو ئایەتەدا ـدەفەرموێت

[أما "أولياء" فيواليهم في دينهم، ويظهرهم على عورة المؤمنين، فمن فعل هذا فهو مشرك، فقد برئ االلّه منه] (تفسير الطبري: ٦ / ٣١٤)

بەڵام بەدۆستگرتنـی کافران لەسەر ئاینەکەیـان وە ڕێگەپیشاندانیان بۆ کەمو کورتـی ئیمانداران هەرکـەسێ ئــەوکــــــارە بکات ئەوا موشریکە اللّه لەوکەسە بەریء بوە.

③ الإمام البغوي –رحمه االلّه -: لەتەفسیری ئەو ئایەتەدا دەفەرموێت

أي موالاة الكفار في نقل الأخبار إليهم، وإظهارهم على عورة المسلمين أي ليس من دين االلّه في شيء] (تفسير البغوي: ٢ / ٢٥ ،)

مەبـەست لەوئایەتەدا دۆستایەتـى نەکردنى کافرانە لەنەقـڵ کردنى هەواڵـى ئیماندارانبۆیان وە ڕێگەپیشان نەدانیان لەسەر کەم وکورتـى ئیمانداران کەئەگەر هەرکەسێ هەواڵیان بۆنەقل بکات و کەموکورتـى موسڵمانانیان پیشان بدات ئەوا لەسەر دینى اللّه نیە لەهیچ شتێکـدا.

④ئیمام ـى الخازن –رحمه االلّه- لەتەفسیرى هەمان ئایەت فەرموویەتـى

[يعني موالاة الكفار، من نقل الأخبار إليهم وإظهار عورة المسلمين، أو يودهم ويحبهم ﴿ فَلَيۡسَ مِنَ ٱللَّهِ فِي شَيۡءٍ ﴾ أي فليس من دين االلّه في شيء، .. وموالاة اللّه وموالاة الكفار ضدان لا يجتمعان]

واتـا موالاتـى کافران لەنەقـڵ کردنـى هەواڵـى موسڵمانان بۆکافران و پیشاندانـى کەم وکورتـى موسڵمانان یان پشتگیریکردنـى کافران وخۆشویستنیان ئەوا هەرکەسێ وابێت هیچ ـى بۆنیە لەلاى اللّه واتـا لەدینـى اللّه نیە ئەوکەسە لەهیچ شتێکدا .. وە دۆستایەتـى بۆاللّه لەگەڵ دۆستایەتـى کردنـى کافـران دووشتـى دژبەیەکـن پێکەوە کۆنابنەوە .

(تفسير الخازن: ١/ ٣٥٨)

واتا دۆستایەتـى کافران بکەى دەبیت بەدوژمنـى اللّه

دۆستایەتـى بۆاللّه بکەى دەبێت ببیت بەدوژمنـى کافران

ناکرێ ولاءت بۆاللّه هەبێت وە لەهەمان کاتدا ولائیشت بۆکافران هەبێت دوشتـى دژبەیەک کۆنابێتەوە لەیەک حاڵەتدا

<u>ئایا ئەمە بیدعەى شـێخ محمدى کوڕى عبدالوهاب بوو ؟؟</u>

⑨ هەڵوەشێنەوەی نۆهەم ـی ئیسلام

هەرکەس پێی وابێت بۆی ڕەوایە دەرچێت لەشەریعەت ـی پێغەمبەر ﷺ

ئەم کوفرە لەقورئان وسونەت وئیجماع ـی زانایان باسکراوە وداهێنراوی شێخ نیە

اللّه تعالی ـدەفەرموێت

﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴾ [آل عِمْرَان : ٨٥]

هەرکەسێ لەغیری ئـیسلام پەیڕەوی بکات ئەوا لێی وەرناگیرێت و لەڕۆژی دوایدا لەزیانمەندانە (کەواتـە کەسێ دەرچێت لەڕێبازی ئیسلام بۆڕێبازێکی تر لەزیان مەندانە)

ئـــــایا ئەزانی زیانمەندان کێـن لەقورئان ـدا ؟؟

اللّه ـدەفەرموێت

﴿ وَمَن يَكْفُرْ بِٱلْإِيمَٰنِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُۥ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴾ [المَائـِدَة : ٥]

بێگومـان هـەر کـەس بڕوای بە بەرنامـەی ئیسـلام نەبێ و پاشگـەز بوویـەوە، ئەوە بەراستیی هەمووکاروکردەوە چاکەکانیشی پووچەڵ دەبنەوە لە دوارۆژیشدا یەکێکە لە ڕیزی زیانمەنداندان.

کەواتـا زیانمـەندان لەقیامەتــدا ئەوانەن کـە کافـرن بە باوەڕهێنـان بە اللّه وڕسولەکەی ﷺ

وە اللّٰه ـدەفەرموێت

﴿ لَّهُۥ مَقَالِيدُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۗ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴾

[الزُّمَر : ٦٣]

کلیلەکانی ئاسمان و زەوی تەنها بە دەست اللّٰه وەیە چۆنی بویٚ دەستکاری دەکات ئەوانەی کافرو بێباوەڕن بە ئایەتەکانی اللّٰه ئا ئەوانەن زیانبارەکان و دۆڕاوەکان.

شـــێخ ـی ئیسـلام ابن تیمیە دەفەرموێت

ومعلوم بالاضطرار من دين المسلمين وباتفاق جميع المسلمين أن من سوَّغ اتباع شريعة غير شريعة محمد صلى الله عليه وسلم فهو كافر

پێویستیەکی زانـراوە لەدینی موسڵمانان وە بەیەکدەنـگی موسـڵمانان کەهەرکەسێک بەرەوای دانێت شوێن جگە لەشەریعەت ـی محمد ﷺ بکەوێت ئەوکەسـە کـافرە . (مجموع الفتاوى)) (٢٨/ ٥٢٤)

شـــێخ ـی ئیسـلام ابن تیمیە دەفەرموێت

فمن لم يؤمن بأن هذا رسول الله إلى جميع العالمين، وأنه يجب على جميع الخلق متابعته، وأن الحلال ما أحله والحرام ما حرمه، والدين ما شرعه، فهو كافر

هەر کەسێ بـاوەڕی وانەبێت کە پێغەمبـەر ﷺ ڕەوانەکراوە بۆ هەموو خەڵکی وە واجـــــبە لەسەر هەموو دروستکراوەکانی اللّٰه شوێنی بکەون وە باوەڕی وانەبێت کە حەڵاڵ هەر ئەوەیە کەلەشەریعەتی محمد ﷺ حەڵاڵە وەحەرامیش هەرئەوەیە کەلەشەریعەتی ئەودا حەرامە وە حوکم وبەرنامە هەرئەوەیە کە اللّٰه شەرعاندویەتی ئەوا ئـەوکەسە کـــافرە

مثل هؤلاء المنافقين ونحوهم ممن يجوز الخروج عن دينه وشريعته وطاعته إما عموماً أو خصوصاً،

وەک هاوشێوەی ئەو مونافیقانەی کەپێیان وایە ئاسـاییە لە دین وشەریعەت وگوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ دەربچیت جادەرچونی گشتی بێت یان تایبەت بێت لەشتێکدا.

["جامع الرسائل ص (44)] .

<u>کەواتـا ماکوان جاهیلە بەشتێک کەپێویستیەکی زانراوە لەدینی موسڵمانان کەتۆ جاهیلی بۆ هێرش دەکەیتە سەر زانایان !</u>

⑩ هەڵوەشـێنەوەی دەیەم ـی ئیسلام

پشت هەڵکردن لەدین وخۆفێرنەکردن بەدین وکارپێنەکردنی

اللّه تعالى ـدەفەرموێت

﴿ وَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِۦ ثُمَّ أَعۡرَضَ عَنۡهَآۚ إِنَّا مِنَ ٱلۡمُجۡرِمِينَ مُنتَقِمُونَ ﴾

[السَّجۡدَة : ٢٢

[کێ لەو کەسە ستەمکار ترە کە بە ئایەتەکانی پەروەردگاری ئامۆژگاریی دەکرێت کەچی ڕووی لێ وەردەگێڕێت بەڕاستیی ئێمەش تۆڵە لە تاوانباران دەسێنین .

اللّه تعالی ـدەفەرموێت

﴿ أَمِ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةًۖ قُلۡ هَاتُواْ بُرۡهَٰنَكُمۡۖ هَٰذَا ذِكۡرُ مَن مَّعِيَ وَذِكۡرُ مَن قَبۡلِيۚ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ٱلۡحَقَّۖ فَهُم مُّعۡرِضُونَ ﴾ [الأنبيَاء : ٢٤]

واتا ئاخۆ ئەوان جگە لە اللّه چەند پەرستراوێکیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە پێیان بڵێ: ئەی موحەممەدا! - ﷺ - بەڵگەی خۆتان بێنن بۆ راستیی ئەوەی دەیڵێن ئەمەی لەم قورئانەدایە پەندو یاد خەرەوەیە بۆ خۆم و بۆ ئەوانــەی هاوەڵی منن و لەگەڵمـدان، وە بەسەرهاتـی پێغەمبـەران و گەلانی پێش منیـش باس دەکات، دە ئایا لـە کتێبـی هیچ کامێکیاندا هاوەڵ و هاوبەش بۆ اللّه ڕەوا بووە، ئەی ئێوە ئەوەتان لەکوێ هێنا ، بەڵکو ئەوان زۆربەی زۆریان هاوەڵ بۆ اللّه دادەنێن و حەق و ڕاستیی نازانن بۆ لەوەش ڕوو وەردەگێڕن لەتەوحیـــد و شوێنکەوتنی پێغەمبەر - ﷺ - .

شیخ الإسلام ابن تیمیة - رحمه اللّه -دەفەرموێت

" فلا يكون الرجل مؤمناً باللّه ورسوله مع عدم شيء من الواجبات" -

مرۆڤ نابێت بەئیماندار بەاللّه و پێغەمبەرەکەی ﷺ لەکاتێـکدا هیچ واجبێکی اللّه جێ بەجێ ناکات.

[انظر مجموع الفتاوى (7/ 621)] .

قال اللّه تعالی

﴿ قُلۡ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَۖ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴾ [آل عِمۡرَان : ٣٢]

واتا پێیان بڵێ گوێڕایەڵــی اللّه وپێغەمبەرەکەی ﷺ بـن جائەگەر پشتیان هەڵکرد لەگوێڕایەڵیکردن ئەوا اللّه کافرانی خۆشناوێت .

ابن كثير - رحمه اللّه -: ـدەفەرموێت

"﴿ فَإِن تَوَلَّوْاْ ﴾ أي تخالفوا عن أمره

واتا ئەگەر پێچەوانەی فەرمانەکانی کاربکەن

﴿ فَإِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ الْكَافِرِينَ ﴾ فدل على أن مخالفته في الطريق كفر،

کەواتـا ئەم ئايەتە بەڵگەيە کەوا پێچەوانەکردنی فەرمانەکانی کوفرە

واللّه لا يحب من اتصف بذلك وإن ادعى وزعم في نفسه أنه محب للّه ويتقرب إليه،

وە اللّه تعالى ئەوکەسانەی خۆش ناوێ ئەگەرچی ئەوکەسە لافی ئەوەش لێ بدات کەاللّه ـی خۆشەوێت و خۆی لەاللّه نزيک دەکاتەوە

حتى يتابع الرسول النبي الأمي خاتم الرسل ورسول اللّه إلى جميع الثقلين"

تائەوکاتەی شوێن پێغەمبەر ﷺ دەکەوێت کەنێردراوی اللّه يە بۆ مرۆڤ و جنۆکە وکۆتای پێغەمبەرانە وپێغەمبەرێکی نەخوێندەوارە.

[تفسير الآية من آل عمران آية (32)] .

ئيمام ـی ابن تيمية: رحمه اللّه ـدەفەرموێت

"ومن الممتنع أن يكون الرجل مؤمناً إيماناً ثابتاً في قلبه بأن اللّه فرض عليه الصلاة والزكاة والصيام والحج ويعيش دهره لا يسجد للّه سجدة ولا يصوم من رمضان ولا يؤدي الزكاة ولا يحج إلى بيته، فهذا ممتنع ولا يصدر هذا إلا مع نفاق في القلب وزندقة لا مع إيمان صحيح"

لەو ڕێگريانەی کەاللّه بڕياری داوە کەپيـاو نابێت بەئيمـاندار وئيمانی جێگير نابێت لەدڵيدا کەاللّه نوێژ و ڕۆژو و زکات وحەج ـی لەسەر فەرزکردوە کەچی سەردەمێك

ئەژێت سوجدەیەک بۆ اللە نابات وە ڕۆژووی ڕەمەزان ئەنجام نادات وە زەکات نادات وە حەج ـی ماڵی اللە ناکات ئائەم کەسە کەسێکی ڕێگرە وملکەچ نەبوە بۆفەرمانی اللە ئەم حاڵەتە ئیلا لەکەسێك ئەوەشێتەوە کە نیفاق و زەندەقە لەدڵیدا هەبێت نەک ئیمانێکی ڕاست.

[انظر مجموع الفتاوى (7/ 611)].

لەو بەڵگانەش کە بەڵگەن لەسەر کافربوونی کەسی پشت هەڵکەر لەکارکردن بە شەرعی اللە ئەم ئایەتە پیرۆزەیە کەاللە ـدەفەرموێت

﴿ وَيَقُولُونَ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلرَّسُولِ وَأَطَعۡنَا ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٞ مِّنۡهُم مِّنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَۚ وَمَآ أُوْلَٰٓئِكَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾ [النُّور: ٤٧]

واتا ئەڵـێن باوەڕمان هێناوە بە اللە وڕسولەکەی ﷺ وگوێڕایەڵیان دەکەین کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەستەیەکیان پشت هەڵدەکەن ئائەوانە باوەڕدار نیــن

ئیمام ابن تیمیة رحمە اللە ـدەفەرموێت

" :فنفي الإيمان عمن تولى بالعمل وإن كان قد أتى بالقول... ففي القرآن والسنة من نفي الإيمان عمن لم يأت بالعمل مواضع كثيرة "

اللە تعالی نەفــی ئیمان ـی ئەوکەسـەی کردوە کەپـشت دەکات لـە کارکردن بەشەرع ـی اللە ئەگەر چی بەزمان یش دان دەنێت بە گوێڕایەڵی اللە لە قورئان وسونەت بەڵگە زۆر هاتوە لەسەر نەفیکردنی ئیمانی ئەوکەسەی کەکـار ناکات بەفەرمانەکانی اللە ورسولەکەی . [انظر مجموع الفتاوى (142/7)]

ئێســتا کێ بیدعەی داهێناوە ؟ شێخ محمد یان ماکوان ـە موعتەزیلەی قەدەری ئەشعەری جەهمی ؟

والحمـدللّه رب العالمین